# لێشاوی کۆچی عەرەب بۆ کوردستان

**شاناز**



پاش روخاندنی حکومەتی بەعسیەکان، بارودۆخی عێراق رەوشێکی نائاسایی بەخۆەبینی. نەبوونی ئاسایش‌و دەسەلأت لەلایەن حکومەتە نوێیەکانی عێراقەوە لەلایەك، دیاردەی فرە حزبی‌و مل ملانێی کورسی‌و دەسەلأت لەلایەك. هەروەها دزینی سەروەت‌و سامانی عێراق لەلایەن دەسەلأتداران‌و حکومەتی عێراقەوە، بەریتانیاو ئەمریکاو بەچکە دزەکانی ئەوان، پڕکردنی گیرفانی حزبە دەسەلأتدارەکان، گەرووی عێراقیەکانیان گوشیووە جگەلەوەی گۆرەپانێکی فراوانە، بۆ تیرۆر کردن‌و خۆکوژی کەڵەگاکانی تیرۆریستان. زۆر بابەتی تر کەبوونەتە نائارامی ژیان‌و گوزەرانی هاوڵأتیانی عێراق، لەگرانی‌و بێ سوتەمەنی‌و کەمی مووچە ئەوانیش بێبەش نین. ئەمانە بوونەتە هۆی کۆچکردنی خەڵکەکەی کەعەرەبن‌و بەجێهێشتنی ماڵ‌و حاڵی خۆیان، ناچار رووبکەنە هەرێمی کوردستان بەحوکمی ئەوەی کوردستان ناوچەیەکی ئارامەو ئاسایش تیایدا بەرقەرارەو حکومەتی کوردی باڵادەستە، تیرۆرو خۆکوژی لەو هەرێمەدا زۆر دەگمەنە، بۆئەوی بتوانن ژیان ۆخۆیان دابین بکەن‌و بژێوی خۆیان بەرێوەبەرن،بەشێوەیەکی بەرچاو رۆژانە سەدان عەرەب لەبازاڕو کارو پیشەکانداو لەشوێنی گشتی‌و سەیرانگاکاندا دەبینرێن، ئاخۆ هاتنی ئەم عەرەبانە چ سودێکیان هەبێت بۆهەرێم، یاخود چ کاریگەرییەکی شاراوە لەهاتنی ئەمانەدا بێت بۆکوردستان؟

هەر بۆئەو مەبەستە پرسیارمان لەو عارەبانە کرد کەهاتون بۆ کوردستان، هەروەها چۆنیەتی هاتنیان.

هۆکاری هاتنت بۆ کوردستان چییە؟ مامەڵەی خەڵك چۆنە بەرامبەرتان؟ رەوشی ئاسایش لە کوردستان چۆن دەبینیت؟ تاچەند دەمێنیتەوە؟

کازم حسێن/ خەڵکی بەعقوبە

لەبەر نائارامی باشورو نەبونی کارو پیشە، بۆئەوەی بتوانم بەئارامی بژێوی بقۆ خۆم‌و خێزانەکەم دابین بکەم. مامەڵەی خەڵك زۆر باشە لەگەڵمان، رۆژانە بەکرێ دەمانبەن بۆ ئیش کردن، هەست بەنامۆیی زمان‌و شارەکەم ناکەم. ئەو ئارامیەو ئاسایشەی لە کوردستاندا هەیە لەواشنتۆنگ نیە. ئەر بۆم بگونجێ حەزدەکەم قەبرەکەم لەکوردستاندا بێت.

ام انعام/ خەڵکی بەغداد

لەبەر نائارامی‌و تەقینەوەو لە ترسی تیرۆریستان، هەروەها لەبەرگەرما. مامەڵەی کوردەکان زۆرباشە، زۆرجار یارمەتیمان دەدەن‌و کارئاسانیمان بۆ دەکەن. خۆزگە هەموو عێراق ئاسایش‌و ئارامی وەك کوردستان بوایە. تابەغداد ئارام نەبێت‌و دڵنیا نەبم ناگەرێمەوە.

وەنەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆرینەی داخوازیەکانی دانیشتوانەکەی بەجێبهێنێ‌و گوێی خۆی لێ کەڕ کردووە.

نەبوونی ئاوو کارەباو جێی نیشتەجێبوون، کەمی مووچەی فەرمان بەران‌و نەبوونی سوتەمەنی‌و گرانی بازاڕ، فشارێکی ئابووری خستۆتە سەر ناوچەکە، ئەمەش بۆتە هەڵئاوسانی ئابووری لەناوچەکەدا. جگەلەم هەموو قەیرانە لەکوردستاندا، دەبینین هەرێمەکەمان بۆتە بەشێك لەناوەڕاست‌و باشوری عێراق. رۆژانە زۆر بەئاسانی چەندەها عەرەب دێنەکوردستان، دەچیتە هەرکوچەو کۆڵانێك‌و بازاڕێك‌و سەیرانگاو مزگەوت‌و شوێنە گشتیەکان تەنانەت دائیرەکانیش، هەرئەوەیە عەرەب چاوت دەرناهێنن.

کەئەمانە بوونەتە هۆی قەرەباڵغی شارەکان‌و گرانی لەبازاڕەکاندا لەنرخی شتومەك، هەروەها بەرزبوونەوەی نرخی کرێی خانوو، کەرۆژانە چەندین کرێچی لەلایەن خاوەن ماڵەکانەوە دەردەکرێن بۆئەوەی خانووەکانیان بەنرخێکی گران بدەنە عەرەبە هاتووەکان. کەئەمەش ڕەوشێکی زۆر ناپەسەندە لەکلتوری کوردەواریدا. خاوەن ماڵ ئەکەن بەبێگانەو بێگانە ئەکەنە خاوەن ماڵ. یاخود رۆژانە کوردەکان عەرەبەکان بەکرێ دەبەن بۆ ئیشکردن، کە بەنرخێکی کەمتر لەکوردەکان ئیش دەکەن، دیسانەوە لێرەوەش بوونەتە هۆی برینی رزقی سەدەها گەنج‌و مێردمناڵی کورد. جگەلەوە ئەو عەرەبانەی کەبۆ ئیشکردن دەیانبەن بۆناو گەڕەکەکان، زۆر بێشەرمانە چاو دەگێڕن بۆئەوەی ئافرەتێك ببین‌و چاوی تێ ببڕن، بۆیان بگونجێت لەخشتەی دەبەن. هەروەها بەدڕەوشتی ئەم عەرەبانە لەخاڵێکی زۆر سەرەکیدا دەردەکەوێت، هەر یەکەۆ لەوانە مۆبایلێکی پێیە بەتازەترین جۆری ئامێر. کاتێك دەچنە ناو پاسەوە یاخود لەناو بازاردان، یا سەیرانگاو شوێنە گشتیەکان، بەدزیەوە دەکەونە وێنە گرتنی ئافرەتان. یاخود ئەگەر دووکەس بن ئافرەتێکیان لێ وە نزیك بێت، (بەحساب) وێنەی یەکتر دەگرن بەلأم لە ڕاستیدا وێنەی ئافرەتەکە دەگرن. پاشان ئەو وێنانە کەدەیگرن بە مۆبایل بلأوی دەکەنەوە، یاخود وێنەی خۆیانیان یان کەسی تر، بەکۆمپیوتەر دەخەنە پاڵ ئەو ئافرەتانەی کەبە مۆبایل وێنەیان گرتووە. چەندین کاری ناشرین تر دەکەن. هەر بەهۆی ئەم کردارە ناشرینانەیانەوە، رۆژانە خوا لەخێری دەرنەکات، چەندین عەرەب دەکەونە بەر ڕەحمەتی دەست‌و مەچەکی کوردەکان لێدانێکی باشیان دەدەنێ.

هەر بۆئەو مەبەستەش ڕای خەڵك سەبارەت بە هاتنی عەرەبەکان بۆ کوردستان پرسیارمان لێ کردن.

ڕات چی یە بەرامبەر هاتنی عەرەب بۆ کوردستان؟

هەڵوێستیان چۆن دەبینن؟چی پەیامێکت پێ یە؟

کەژاڵ موراد/ کەسوکاری ئەنفال

بەهاتنی عەرەبەکان بۆ کوردستان، گرانییەکی زۆریان خستۆتە ناو بازاڕەوە جگە لەقەرەباڵغی لەهەموو شوێنەکان. هەرگیز پێم خۆشنیە عەرەب بێتە کوردستان، چونکە ئەوان کورد بە دوژمنی خۆیان دەزانن، کەچی لێرە خزمەتیان دەکەن. پڕ بەدڵ دەڵێم هەڵسوکەوتیانم بەدڵ نیە، بۆیان بگونجێ ئەوەی ناشرین‌و بەدڕەوشتی بێت بەرامبەر کوردەکان دەیکەن. پەیامم.. داوا لەحکومەتی هەرێم دەکەم چی تر ڕێگا بەهاتنی عەرەب نەدەن بۆ کوردستان، چونکە هەرئەوان‌و کەسوکاری ئەوان بوون کوردستانیان وێران کردو کەسوکاریان ئەنفال کردین، چیتر شوێنی نیشتە جێبوون بۆ عەرەب نەکەنەوە قەرزارمان بن.

شاهۆ تاهیر /

هەرگیز ئەمە ڕاست نیە، لەکاتێکدا خۆمان پێویستمان بەکارکردنەو هێزی کارمان زۆرە، کەچی بەهەزاران عەرەب هاتوونەتە کوردستان‌و بەنرخێکی هەرزان کاردەکەن‌و ڕزقی سەدەها گەنجیان بڕیوە، جگە لەقەرەباڵغکردنی شارو گرانیان خستۆتە سەر ناوچەکە. هەڵسوکەتیان ئەوەیە کە ڕوکەشی خۆیان بەداماو دەردەوخەن، بەلأم لەناوەڕۆکدا زۆر بێ ئەدبن‌و زۆر شتی ناشرینیان لێ دەوەشێتەوە.

پەیامم.. چیتر عەرەب بەناوی دیموکراسی‌و عێراق عێراقی هەموانەو کوردستان بەشێکە لەعێراق نەهێننە کوردستانەوەو بالەمە زیاتر مافی کورد نەدرێت بەعەرەب، هاتنی ئەم عەرەبانە بۆکوردستان بۆتە مایەی نیگەرانی خەڵك‌و بێزارییان بەرامبەر ئەوان. نازانین حکومەت چ شرینییەکیان بەم عەرەبانەو هێناویان‌و ڕێیان پێ دەدەن لە کوردستاندا بمێننەوە. پێم وایە لەجێی دار خورما دەیان ڕوێنن‌و کارگەی شیرینیان لێ دروست دەکەن.

ئەگەر بەرپرسانی کورد لەبەغدادو حکومەتی هەرێم ڕێگا دەدەن بێنە کوردستان کار بکەن ئەی بۆ لەشوێنی خۆیاندا کارو پیشەیان بۆ دابین ناکەن.

ئەگەر ئەوان بیریان چۆتەوە کەعەرەب‌و کاربەدستانی بەغداد، چییان لەکوردو کوردستان نەکرد ئەوا خەڵکی کوردستان بیریان نەچۆتەوە.

حکومەت‌و بەرپرسان ڕێگە دەدەن هەموو عەرەب بێنە کوردستان، ئەگەر ڕاست دەکەن‌و ئازان نەك خۆیان نیوەی ئەو عەرەبانە کورد بنێرن بۆشوێنی ئەوان کاربکەن. زۆر بەئاسانی هەموویان تیرۆر دەکرێن‌و دەکوژرێن، کەچی لێرە خزمەتیان دەکەن‌و دەیان خەنە سەر کار، میوانخانەیان بۆ دەڕازێننەوە جگەلەوەی شوێنی نیشتە جێبوونیشیان بۆ دابین دەکەن ئەوەندە ماوەتەوە بەکاربەدەستان بڵێین بەسە ماستاو چییەتی ئەوماستاوە بۆخۆمانتان بکردایە ئێستا ڕۆنەکەرەمان دەبوو.

## پەیامی خەڵک

* زۆربەی ئەفسەرانی ئاسایش‌و پۆلیسی شاری هەولێر بە ناسنامەکانیان خۆیان لە بازگەی پۆلیسی هاتوچۆ دەرباز دەکەن. من بە چاوی خۆم بینیم ئەفسەرێکی ئاسایش کەوتە بازگەی پۆلیسی هاتوچۆ، بەلأم مۆڵەتی شۆفێری نەبوو، پێناسەکەی خۆی پێشان دا، کاکی پۆلیسی هاتوچۆ هیچی بۆ نەمایەوە، گوتی: ببوورە نەمزانی، فەرموو بڕۆ! . دواتر کە کاکی ئاسایش رۆیشت، پۆلیسەکە گوتی: وەڵا دەزانم مۆڵەتی شۆفێری نییە، بەلأم هیچم بێناکرێ.

**ئازاد قادر**

* تاکسییەکانی شاری هەولێر بە میزاج ئیش دەکەن. بەیانیان. 3000 تا 4000 هەزار کرێ وەردەگرن، هەرکاتێ زانیان شار قەڵەباڵغ بووە خۆیان گران دەکەن، بەسەری لمۆز وەلأمی رێبواران دەدەنەوەو لە 6000 دینار کەمتر رازی نابن! .

**فەرمان محەمەد**

* نازانم بۆچی بازاڕی نێو فڕگەی هەولێر ئەوەندە گرانفرۆشە! . بیبسی کۆلا لە دەرەوە بە 500 دینارە، لە فڕگە بە 2000 دینار. نازانم کەس نییە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات، یان هی خۆیانە بۆیە قسە ناکەن! .

**شاریا ئەدهەم**

ئۆتۆمۆبیلکێی دائیرەی کارەبا لە جۆری ئاسوزی رافیعە واتا (بەرزکەرەوە ژمارە (.....) هەڵدەستێت بە پاککردنەوەی شوشەی پەنجەرەی سوپەرماکێتێکی ئەهلی. ئایا ئەمە سەیارەی حکومییە یان ئەهلییە.

**شیلان .ع**

*چاودێرێکی شارەوانی لە ئەسحابەسپی بە کارمەندەکانی رادەگەیەنێت کە هەموو خۆڵ‌و پیسییەکان کۆنەکەنەوەو پاکنەکەنەوە، تەنها بەشێکی کەمی نەبێ. ئەوەی مایەوە بۆ شەفتی دواتر.

**کارزان**

# ئاهەنگ و خۆپیشاندان

سەردەمێك پێش ئێستا ئەو جەماوەرە تێکۆشەرەی کە لەلایەن رژێمی لەگۆڕنراوی بەعسەوە بەردەوام سەرکوت دەکرا و شوێن بزر دەکرا و راوەدوو دەنراو زیندانی دەکراو خوێنی دەڕێژرا، کاسەی رەق و تۆڵەی لێی رژاو لەڕێی "راپەڕین"، بەڵێ راپەڕینەوە لەماوەی چەند رۆژێکی کەمداو بەقوربانیەکی کەم سەرجەم دام‌و دەزگا سەرکوتکەرەکانی ئەو رژێمەی سەرنگووم کردو تەخت‌و تاراجی بۆ هەمیشە هەڵگێرایەوە، پاش ئەوە هەر ئەو جەماوەرە راپەڕیوو و قوربانیدەرەی کەهێشتا برینەکانی جەستەی خوێنیان لێدەچۆڕا، دەیان رۆژو دەیان شەو لەشەقام‌و کوچەو کۆڵانەکانی شارو چارۆچکەکانی کوردستاندا بەئاهەنگێڕان‌و سەماکردن تەعبریان لەخۆشی‌و شادمانی‌و ئازادییەکەیان دەکرد کە بەخوێنی شەهیدان بەرهەم هاتبوو، هەر ئەو جەماوەرە زۆربەی شەوان بەدەم ئاهەنگگێڕانی خۆشیەوە لەناو شەقامەکان تاکو دەمەو بەیان دەمانەوە، بەبێ ئەوەی حساب بۆ هیچ ئیعتبارێکی تر بکەن، ئێستاو پاش دەرکەوتنی راستیەکان لەهەموو بوارەکانی ژیان‌و ژیاریی کە لەلایەن سەرانی حزب‌و حکومەتەوە چەندین قەیرانی جۆراوجۆریان هێناوەتە بوون‌و ئەوەی بیری لێنەکەنەوە پێشکەشکردنی خزمەت‌و خزمەتگوزارییە بەبنەماڵەی شەهیدان‌و قوربانیانی ئەنفال و شوێن بزربوووان‌و جەماوەر، ئەوەشی خەم‌و موعاناتی سەرەکیانە تەنهاو تەنها پڕ کردنی گیرفان و کۆکردنەوەی سەروەت‌و سامان بەشێوەی ناشەرعی‌و لەسەر حسابی خوێنی شەهیدان‌و هەوڵ‌و ماندووبوونی جەماوەرو بەرزکردنەوەی تەلاری چەند نهۆمی‌و دامرکاندنەوەی غەریزە شەهوانیەکانیانە، هەر ئەو جەماوەرەی کە پێشتر ئاهەنگ‌و سەمایان دەگێڕاو دەهاتنە سەر شەقامەکان، ئێستاش هەرئەوانن دێنە سەرشەقامەکان‌و دژ بە گەندەڵی و قەیرانەکان نارەزایی دەردەبڕن‌و بەڕووی سەرانی حزب‌و حکومەتدا دەتەقنەوەو بێباکن لە قوربانیدان‌و خوێن بەخشین، چونکە دەمێکە هەر ئەو جەماوەرە کاسەی سەبری ئەیوبییان پڕبووەو لەچاوەڕوانی چاکسازی‌و پاکسازیدا درەختی چاوەڕوانیان هەزاران لق‌و پۆپی دەرکردو بەری نەگرت.

هاتنە سەرشەقامی جەماوەری راپەڕیوی سەردەمی راپەڕین‌و سەردەمی ئێستای نارەزایی‌و هەبوونی گەندەڵی زەنگێکی ئاگادار کەرەوەو خەتەرناکە بۆ سەرانی حزب‌و حکومەت، بۆئەوەی چیتر لەگوێی گادا نەخەون‌و بەئاگابێنەوەو بەدەنگ داواکاری و پێداویستیەکانی جەماوەرەوە بچن کەئەوانیش خۆیان لەدابینکردنی "سووتەمەنی و کارەبا و شوێنی نیشتەجێ بوون و هەرزانی بازاڕ و باش کردنی بژس" دەبنێتەوە.

## بۆچی ئاوڕ لەکێشەکانی ئۆردوگایی معسکر سەلام نادەنەوە؟

ئێمە وەکو دانیشتوی معسکر سەلام چەندین ساڵە کیچشەیەکی زۆرمان هەیە هیچ لایەنێکی بەرپرس خۆی بەبەرپرسیار نازانێ لەکاتێکدا کە هەموو دانیشتوان خەڵکی فەقیرو هەژارو خاوەنی شەهیدین... با خاوەنی شەهیدیش نەبین ئەی خەڵکی ئەم کوردستانە نین..!؟

ئێمە تەنانەتە کە کێشەی زۆر بچوکمان دێتەڕێ ئەبێ باسی شەهیدو پێشمەرگە بکەین لەبەر ئەوەی حکومەت هەموو شتێکی پشت گوێ خستووە چەندین ساڵە حکومەت‌و شارەوانیشمان هەیە تاکو ئێستا کەسێکمان نەبینیوە کە خۆی بەبەرپرس بزانێ ئەمەبەش لەبەر ئەوەی کەماڵە مەسئولێکی لێنیە یاخود بەرپرسێکی حکومەتی لێنیە ماوەی (14) ساڵە وەکو گەرەك گەرەکین لەسەر داوای بەرێز مام جەلال ئەم بڕیارە دەرکراوە کە خانووەکانمان بۆ تاپۆ بکرێ ئێمە وازمان لەو مەسەلەیە هێناوە دەبا حکومەت ئاوڕ لە کێشە بچوکەکانمان بداتەوە لەساڵی (1994) خوێندگایەکمان بۆ دروست کراوە (3) دەوامی تیا دەکرێ نزیکەی دوو هەزار خوێندکاری تێدایە خوێندکارانی ئازادی‌و کەمپی سەلام‌و تۆپخانەو معسکر سەلام تیا دەوام دەکەن. بەڕاستی خوێندکارانی خوێندگاکەمان سەرکەوتوون لەکاتێکدا کەباس لەنیسبەی نجاح دەکرێ وەزارەت شانازیمان پێوە دەکات ئەی بۆ نایەن ئاوڕ لەکێشەکانمان بدەنەوە..!؟ هاوینان لەبەر بۆنی سیان‌و مێشوولە ژیانمان حەرامە زستانان خراپتر سەیارەی خۆڵمان نیە تاماوەیپەك لەمەو پێش دانەیەکمان هەبوو ئەویش کاتێ بوو دووهەفتە جارێك ئەگەر بهاتایە ئەویش ئەبوایە کەمینمان بۆ دانایە لەپڕ دوو گەرەکە ماڵ دەگەڕاو دەرۆیشت بەویش رازی بوین شارەوانی بەغیلی پێ بردین‌و ئەویشی لێ سەندینەوە کارەباش دەبێ سوێت بێتەوە ئەگەر لەدوا نیوەرۆوە بێتەوە بەهەزار تەلەفون‌و دەست ماچ کردن. لەکاتێکدا کەبتەوێ گۆڕانکاری لەخانووەکەت بکەیت شارەوانیت لێ راست دەبێتەوە یان ئەگەر کاتێ هەڵبژاردن یان دەنگدان بێ هەزار لایەن اعلانی تیا دەکا.

(ماڵتانم ئاواکرد ئاوڕێ لەفەقیرو هەژار بدەنەوە تاکەی ئێمەو ئێوە)

**خوێندکار... هاودا نازم**

## ئەوەی نەتبینوە لەفڕگەی هەولێر دەیبینی

من سەدان جار بە فڕۆکە سەردانی وڵاتانم کردووە، فڕگەی دەیان وڵاتم بینیوە، پشکنینی ساك‌و جانتای دەستی رێبواران کارێکی ئاساییە. لەوەتەی رووداوی 11ی سێپتێمبەر قەوماوە فڕگەکان توونددکراون، رێگە نادرێ چەقۆو ئاسنی نوکتیژ لەجانتاکانی دەستیدا هەڵبگرێن‌و ببرێنە ناو فڕۆکەوە، بەلأم ئەوەی سەرنجی زۆربەی رێبواران لەفڕگەی هەولێر رادەکێشێ ئەو پشکنینە سەیرو توندەیە کە ئەنجام دەدرێ‌و رێبواران بێزار دەکات، ئەمەش بەجێگەی خۆی، لەو فڕگەیەدا مووکێش‌و نینۆکبڕیش قەدەغەن‌و دەگێڕدرێنەوە. لێرەدا مافی خۆمە بپرسم: ئایا ئەو کارمەندانە لە کام فڕگەی جیهان ئەزموونیان پێکراوە!!، ئایا ئەوان لەکام فیلم بینیویانە کە بە مووکێش‌و نینۆکبڕ فڕۆکەیەك رفێندرابێ؟!. ئایا ئەوان لە کوێ بیستوویانە کە کەسێك بە مووکێش یان نینۆکبڕ کوژرابێ؟!. گوتمان فڕگەکەمان ساوایەو ئەزموونمان کەمە، بەلأم بەم شێوەیەش نا.

**حوسێن محەمەد**

## وەک خۆی



هۆڵی رۆشنبیری، پاش 3 ساڵ لە نوژەن کردنەوەی هێشتا تەواو نەبووە

وێنە: ئارام سدیق